# نامەیەکی کراوە بۆ فە رەیدون دارتاش و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان

## پاش سلاو .......

**نوسینی :ژیرە قەرەداغی**

zhera20004@hotmail.com

بەرێز سەروەکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و دارو دەستەکەی ئەوەی مەبەستمە بیخەمە روو بۆ ئێوەی بەرێزوو بۆ خوێنەرانیش لەم چەند رۆژەی رابردوودا چاو پێکەوتنێکتان لە ڕادیۆی دەنگی زەحمەت کێشان بەرێزتان واتە کاك فەرەیدوون دارتاش ، مەبەستی ئەو چاو پێکەوتنە زیاتر تیشك خستنە سەر ئەو کێشەیەبوو کە لەنێوانی یەکێتی هونەرمەندانی سلێمانی و بەکگرتنەوەی سەندیکای هونەرمەندانی هەولێر بۆ ، تا ئێرە من کارم بەسەر ئەو چاو پێکەوتنەوە نیە بەلاّم لە درێژەی دیدارەکەدا ئەو بەرێزەی کە بەرنامەکەی پێشکەش دەکرد ئاماژەی بە هونەرمەندی کۆچکردوو کرد ووتی لە پێش مردنەکەی کاك ئازاد خاتنەقینی لەبەلگەنامەکەیدا ،

زۆر گلەی لە لایەنی حکومی و حیزبی و لەونێوەندەشدا یەکێتی هونەرمەندا کە گلەییەکی زۆری هەبوو بەرێزیشت لەوەلاّمی پیرسیارەکەدا فەرمووت کاکە ئازادی هونەرمەندی تێکۆشەری دێرین و ئەندامی یەکێتی هونەرمەندان هەر برای ئێمەبووە و رەنگە کاك ئازاد ئەونامەیەی کە بەجێی هێشتوە لەوپەری دلگەرمی دا بووبێت بۆیەنوسیویەتی و بەداخەوە کە ناوی یەکێتی هونەرمەندانی لەگەلّ ئەو لایەنە حیزبی و حکومیانە بردووە،تائێرە لەوەلاّمەکەی جەنابت گوێگران و ئەو بەڕێزەش کە بەرنامەکەی پێشکەش دەکرد کۆك بوون لەسەر ئەو وەلاّمە بەلاّم من وەك کەسێك شعورم جوولاّ بەرامبەر ئەو هەلّوێستەی بەرێزت نواندت من بەتۆی بەرێز دەلّێم منیش تاکو ئەو مقابەلەیەی هونەرمەند ئازاد خانەقینیم نەبینیبایە دەمووت راست دەکات هونەرمەند بەهەلّدا چووە بەلاّم وەك کەسێکی دلّسۆز نەمتوانی بێدەنگ بم لەبەرامبەر ئەو وەلاّمەی بەرێزت کە وەلاّمەکەت زۆر کالّو کرچ بوو ، بۆیە من پێت دەلّێم من ئەو چاو پێکەوتنەم بینی کە لە هەفتەنامەی هەوالّدا زۆر تائکید نیم لە چی ژمارەیەکی دایە کە بەتوندی رەخنەی لە یەکێتی هونەرمەندانی گرتووە و زۆر بەداغ بوو ، هەروەها من دەمەوێت بپرسم ئەو بەرێزەی کەبەرنامەکەی پێشکەش کرد زۆر فاشیل بوو لە پرسیارەکاندا دەبوو لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆرترین زانیاری وەربگرتایە تا ئەو پرسیارانە روو بوەرووی ئەو بەڕێزەی کە بانگهێشتی کردووە و پرسیاری لێدەکات،زۆر بەداخەوە **کۆتای ئەرشیفەکەی بریتی بوو ل( تەبلیغ کردنێك ) کە لە لایەن( یەکێتی هونەرمەندانی** کوردستانەوە بوو ، من پێم خۆش بوو وە بەبەرێزیشتان دەلّێم بۆ تەبلیغی بۆ دەکەن بۆ ئەوەی لە هونەردووربکەوێتەوە یان بۆ ئەوەی نەتوانی گەندەلّیەکان دەربخات ، زۆر ئاستەم بوو کۆچی دواییەکەی چونکە لەژیاندا سەر ڕاست بوو ، ئەوەی سەرنجی راکێشام لەو چاوێکەوتنەی کە هەفتەنامەی هەوالّ کردبووی وە ئەو هەوالّی کە لە رۆژنامەی هاولاّتیشدا بلاّو بۆوە، پر بەدلّ خەزی دەکرد سەرە سۆدەیەکیان بکردایە بەسنگیدا لە پاداشتی ئەوەی کە ماوەیەك لەخزمەتی هونەری کوردیدا خەباتی کردووە بەلاّم ئێمە ئەو کاتەی کە مرد ئامادەن چلەی ماتەمینی بۆ بگێرن لەبەر ئەوەی دەربکەون لەناو

خەڵکدا خەڵکی هەموو راگەیاندنەکانیش بەچاوی رێزەوە سەیرتان بکەن باستان بکەن ، ئێوە نەك بەتانها ئازاد خانەقینی بەڵکو هەموو هونەرمەندە زیندووەکانیش زەلالەتیانە بەدەستانەوە لەبەر گەندەڵی و ئەو رۆتینانەی کە لەو شوێنەدا دەکرێت من لێرەدا دەڵێم بەرێزان بۆ هونەرمەند زەکەریا دێتەو بەتۆش و بە دەیان بەرپرسی تر ماستاوی بۆ دەکەن و ئەو هەموو ئەرزانە دەکەن بەناویەوەو لە پێناوی ئەوەی کە ئیشتان پێیە بەهەمان،شێوەش ئەو چاوپێکەوتنەی ئەم رۆژانە لە کوردستان نێت چاو پێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند حمە نێرگز کراوە ئەویش هەمان کێشەی لەگەڵ ئێوەدا هەیە تا ئێستا خانوێەکی نیە لەکرێچی دایە ، رەوایە هونەرمەندێکی ئاوا بەرێزو بەتوانای نێو هونەری مۆزسیك لە خانووی کرێدا بیبێت یان ئەم رۆژانە لە رادێۆ نەوا هونەرمەندی گەورەی کورد هونەرمەند کەریم کابان کەئەوەندەی لەژیاندا نەماوە مەبەستم ئەوەیە کە بەرێزی رابردوویەکی پاك و بێگەردو رابردوویەکی پر لە مێژووی خەباتی شاخو خەباتی هونەری بەهەمان شێوە لە خانویەکە کرێدایە بۆ یە داوا لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کاکە بچن بەلای یەکێنتی هونەرمەندانەوە کاکە بزانن چی باس لەبەرگەندەڵی کەس مەجالی نیە سەری خۆیان بخورێنن ، هیوادارم رێز لە هونەرمەندان بگرن ئەو هونەرمەندانە نا کە لە خاریج دێنەو بەڵکو هونەرمەندانی خۆمان ئەوانەی کوردستانیان لەباوش گرتووەو ئیشی بۆ دەکەن